
# نەهێشتنی خراپەو تاوان
# لەڕێگەی ئیسلام و ئیمان

**بەسێ هەنگاوی ڕەوان**      **لاپەڕە**


هەنگاوی یەکەم: **پەروەردەی خێزان** ... ٥

هەنگاوی دووەم : **کاریگەری ئیمان** ... ١٢

هەنگاوی سێیەم : **یاساکانی سزادان** ... ١٦

**١٤٤٠ك**      **٢٠١٩م**

بسم الله الرحمن الرحيم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**....قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا، وَقَدْخَابَ مَنْ دَسَّاهَا...**

**خوای گەورە حەوت سوێندی خواردووە بەحەوت شتی گرنگ تاگەورەیی خوا لەو دروستکراوانەدا ببینی وگرنگی ئەوشتانە بزانی ئینجا فەرمویەتی مرۆڤ توانای ئەنجامدانی چاکەوخراپەی هەیەخێروشەڕی بۆڕونکراوەتەوەوڕاستیەکەی نیشانداوەکە{ سوێندبە هەموئەوانە بەڕاستی ڕزگاری بوئەوکەسەی نەفس و دەرونی خۆی لەخراپە پاککردەوە، وە نائومێدونامرادوخەسارۆمەندوسەر گەردان ئەوەی نەفسی خۆی ئالودەکرد بەخراپەوتاوان}**...(سورة الشمس).

- **ناوی کتێب : نەهێشتنی خراپەوتاوان**
- **ناوی نوسەر** : مەلا ئەحمەدی قامیشی
- **تایپ** : شۆخان قامیشی
- **تیراژ** : (١٠٠٠) دانە
- **چاپخانە : شارستان** / (٢٠١٩)
- Facebook mala ahmadi Qamishi

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

دەسپێک:

الحمدلله ...والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن والاه ...

**بەهۆی خراپەی خراپەکاران ژیان پڕ بووە لەگرفت و قەیران، ستەمو تاوانیش مەرگی شارستانیەتی مرۆڤەکانە وەك دەبینرێ لەم زەمانە بۆیە بەردەوام دەبێ هەوڵی چاکسازی بدرێ لەلایەن بانگخوازان دیارە چاکسازی بەچاکان دەکرێ و پاکسازی بە پاکان دەکرێ، بۆئەو مەبەستە لە چوار بەشی شەریعەتی ئیسلام (عیبادات ومناکحات و معاملات و جنایات) زیاتر لەسێ بەشی بۆ ڕێکخستنی ژیانی دنیا تەرخان کردووە، ئەوەش قسەی ئەوانە بەدرۆ دەخاتەوە کەدەڵێن دین جیایە لەژین، مرۆڤ توانای ئەنجامدانی چاکەوخراپەی هەیە، هەر لە سەرەتاوەخەڵکی چاك‌وخراپ هەبووە وەك ئازادبوون‌و تاقیکردنەوەی ئادەمیزاد.**

**پێشینانی خۆمان جوانیان فەرمووە:**

**( تاپیاوخراپ نەبێ چاك دەرناکەوێ، تا تاریك نەبێ کواچرات دەوێ )**

**دیارە هەر شتێ خراپ بودەبێ چاك بکرێ لەلایەن چاکان‌و پاکان بۆیە لەهەموو سەردەمێکدا زانایان وبانگخوازان چاکەخوازان هەوڵی چاکە کاریان داوە بەدورخستنەوەو ئاگادارکردنەوەی خەڵك لەخراپەو تاوان بەڕێنماییەکانی ئیسلام و ئیمان.**

لەم نوسینەدا تیشك دەخەینەسەر هەڵوێستو چارەسەری ئیسلام و ئیمان لەبەرەنگاربونەوەی خراپەوتاوان لەپێناو چاکسازی کۆمەڵگاو گەشەپێدانی مرۆیی، کەهەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای (الوقایة خیرٌ من العلاج) دانراوە، خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن چونکە ئاسانترە بۆ دروستکردنی کەسێتی لەسەرەتاوە، وەك دروستکردنی خانو لەسەرەتاوە ئاسانترە لەتێکدانی خانوی کۆنودروستکردنەوەی چونکە بەهۆیەوە ڕێگری دەکرێ لەدروستکردنی کەسێتی شەڕانگێزو خراپ، تاکی ڕەسەنو پەسەند وەبەردێنێ.

پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە لەسەرەتاوە گرنگی بەپەروەردەی خێزان داوە چونکە هەنگاوی یەکەمە پاشان کاریگەری خواپەرستی وچارەسەری ئیمانی و دواجار وەك ناچار سزاو تۆڵە بۆ تاوانبار، ئەوەیە دینی مرۆڤ دۆست وڕەحمەت دژە بە خراپەو تاوانو زەحمەت.

بیرۆکەی ئەم نوسینە لەنامیلکەیەکی پرۆفیسۆردکتۆر(مستەفا زەڵمی) وەرگیراوە بەناونیشانی(منهاج الإسلام في مکافحة الاجرام)لەگەڵ هەنێ سەرچاوەی تر، پاشان لەچوار وتاری هەینی خوێندمەوە بە ئومێدی سوودوکەڵكوقبوڵ ودوعای خێر.

مـەلا ئەحمەدی قامیشـی

وتاربێژی مزگەوتی سەردارحاجی خالد ڕەباتی

سلێمانی/ هەواری شار، مۆبایل( ٠٧٧٠١٤٧٣٩٠٢ )

هەنگاوی یەکەم:

# گرنگی پەروەردەی خێزان .. بۆ نەهێشتنی تاوان

**دینەکەمان هەر لەسەرەتاوە گرنگی بە گەشەپێدانی مرۆیی داوە کە لە پێکهێنانی خێزانەوە دەست پێدەکات، خێزانی ڕەسەنو پەسەن منداڵی پەروەردەکراو وڕەسەن دەخاتەوە، ئێمە لەسایەی ئیسلامو ئیمانەوە بنەماڵە و دایكو باوكمان دەزانین چونكە دڵنیاین كە دایكو باوكی ئێمە مەلایەك بەگرێبەستێكی شەرعی مارەی كردوونو ئێمەیان بووە وسوپاس بۆ خوا هەریەك لەئێوەی بەڕێز چەند پشتی خۆی دەزانێ كە ئەوەش هاندەرە بۆ پاراستنی حەیاو حورمەتو دوور كەوتنەوە لەخراپە، بەپێچەوانەی زۆرێك لەولاّتانی ئەوروپاو ڕۆژئاوا و ڕوسیاو ولاّتانی بێباوەڕ، خەڵكانێ نازانێ باوكی شەرعی كێیە، نازانێ كوڕی كێیە، ئەوەیە بێ كەسیو غەریبی وناڕەسەنی كە سەرەنجام كەسێكی شڕودڕی لێدەكەوێتەوە، بۆیە ئیسلام هەر لە سەرەتاوە گرنگی بەخێزان داوە لەڕێگەی ئەم مەرج و پێشەكیانەوە:-**

**یەكەم/ هەڵبژاردنی دروست (حُسن الاختیار)**

(حُسن الاختیار)**هەڵبژاردنی دایكێكی چاك ئیماندار،عائیشە رەزای خوای لێبێ گێڕاویەتیەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی**(تَخَيَّرُوا لِنُطَفِكُمْ وَانْكِحُوا الْأَكْفَاءَ)/(ابن ماجة)

واته:ئافرەتانی گونجاوهەڵبژێرن بۆ نوتفەتان باهاوشانی خۆتان بن چونکە ڕۆڵی دایك لەپێشترە لەڕۆڵی باوك بۆ پەروەردەی منالٚ.

دایك زیاترلەگەڵیاندایەوکاریگەری لە سەریان زیاترە شاعیریش جوانی وتوە (الأم مدرسة إذا أعددتها أعددت شعباً طيب الأعراق) دایك قوتابخانەیە ئەگەر ئامادە کراوبیٚ ئەواگەلێکی ڕەسەن وچاك پیٚ دەگەیەنیٚ .

بەداخەوەئێستازۆربەی دایکەکان لەلایەنی ئیمان و پابەند بونەوە وێرانن بۆیەڕۆڵەکانیشیان سەرگەردانن سەرەتانن!

*پیاوێك چوەتەخزمەتی(عومەری کوڕی خەتاب)رەزای خوای لیٚبیٚ شکاتی کوڕەکەی لاکرد کەمافی باوکایەتی جیٚبەجیٚ ناکات وئازاری دەدات، ئەویش کوڕەکەی بانگ کردو ئاگاداری کردەوە لەو رەفتارانەی کەدژی باوکی کردبوونی کوڕەکە وتی: ئەی پێشەوای موسڵمانان ئایا مندالٚ مافی هەیە لەسەرباوکی؟ پێشەواعومەرفەرموی:بەڵیٚ هەیەتی,وتی چیە؟ فەرموی: دایکێکی چاکی بۆهەڵبژێرێت ناوێکی باشی لیٚ بنێت، فێری قورئان خوێندنی بکات

کورەکە وتی:ئەی پێشەوای موسڵمانان باوکم هیچ کام لەمانەی بۆمن نەکردوە،دایکم زنجیەولەئاگرپەرستەکانە ناوی ناوم قالۆنچە ویەك پیتی قورئانیشی فێرنەکردوم پێشەوا عومەرلای کردەوە بەلای پیاوەکەدا و فەرموی:هاتوی شکاتی کوڕەکەت بکەی کە ئازاری داویت ومافت جێبەجیٚ ناکات،کەتۆپێش ئەوخراپەت دەربارە کردووەومافت نەداوە؟ بەوشێوەیە پێشەواعومەرپیاوەکەی تاوانبارکرد چونکە پەروەردەی مندالّەکەی فەرامۆشکردبوو؟!.

زۆرن لەو گەنجانەی کە لەهەڵبژاردنی هاوسەردا تێکەوتن‌و بەدیکۆرو ڕوخساری درۆینە خەڵەتان بەمکیاج‌و جل‌وبەرگی مۆدەو قسەی لوس پاشان کە تووش بودەبینیٚ زمانی درێژو کابان نیە و خۆی پەروەردە نەکراوە تامناڵت بۆ پەروەردە بکات، ئەوانە وەك گوڵی سەر زبڵدان وان(گوڵی سەرانگوێلك)کەچەند ڕۆژیٚ گەش‌وجوانەو زوو وشك دەبیٚ

لەپێغەمبەر ﷺ ڕیوایەتکراوەکەفەرمویەتی:(إِيَّاكُمْ وَخَضْرَاءَ الدِّمَنِ، قِيلَ يَارَسُولَ اللَّهِ، وَمَاخَضْرَاءُ الدِّمَنِ؟قَالَ:الْمَرْأَةُ الْحَسْنَاءُ فِي مَنْبِتِ السَّوْءِ)[١]

واتە: خۆتان بەدوور بگرن لەئافرەتانی(خَضْرَاءَ الدِّمَنِ) وتیان ئەمانە چۆنن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی ئەوانەن کە بەڕوکەش جوانن بەڵاٚم پەروەردە نەکراون، لەخێزانێکی خراپدا ژیاون چون سەرەنجامی خراپی ئەو ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر مناڵەکانی.

وتراوە: لەو ژنە دوربە کەهەموسەروەتەکەی جوانیەکەیەتی(واتە تەنها جوانەو هیچی تری نیە ژیری، دینی، ماڵداری، حەیاو حورمەت...).

وەدووربە لەو پیاوەی کە هەموو سامانەکەی پارەکەیەتی  واتە تەنها پارەی هەیەوهیچی تری نیە،وەك دین حەیاوحورمەت، پیاوەتی چاکی و پاکی پەنابەخوا لەخراپی ژن‌و پیاوی لەوشێوەیە، بۆیە بەو هۆیەوە زۆر کچ خەساربوون زۆرکوڕیش خەساربون، چونکە پەلەیانکرد دور بین نەبون لەهەڵبژاردنی دایکی مناڵەکانی وهاوسەری ژیانی.

---

١.(جامع الاحاديث لجلال الدين السيوطى، ضعفه البانى).

**دیاره سەرەنجام چی بچێنی ئەوە ئەدوریتەوە سەرەڕای گوێزانەوەی هەندێ لەسیفەتەکان لەڕێگەی (بۆماوەیی) (نقل وراثی).**

**دووەم/ هاوشانی هاوسەران گرنگە بۆ پێکەوە ژیان**

**پێغەمبەر ﷺ فەرمویە:( تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ : لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَ لِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ)[1] ، واتە:ئافرەت لەبەر چوارشت دەخوازرێ:لەبەردەوڵەمەندی(ئێستا زۆرینە چاوی لەدەوڵەمەندیە وەك لەفەرمودەکە یەکەمینە ئەوەش موعجیزەی سید المرسلینة) یان لەبەر بنەماڵەکەی یان لەبەرجوانیەکەی یان لەبەر دینەکەی، تۆ دیندارەکە هەڵبژێرە بەرەکەتی دەبێت، ئەگەر وانەکەی ئەوا(تربت يداك)دەستت ئەچێ بەخۆڵدا واتە خاکم بەسەرقوڕم بەسەر بۆچی ئەوژنە بێ دینەم هەڵبژاردچونکە دین سەرچاوەی هەموخێرێکەو بێ دینی سەرچاوەی شەڕوخراپەیە،ژنی بێدین خیانەت دەکامناڵی خراپ پەروەردە دەکات**

**سێیەم/ پەروەردەو فێرکردن**

**قال تعالى:** (يَاأَيُّهَاالَّذِينَ آمَنُواقُواأَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًاوَقُودُهَا النَّاسُ وَ الْحِجَارَةُ)[2] **واتە:ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوەخۆتان وخێزانتان بپارێزن لە ئاگرێ سوتەمەنیەکەی خەڵك وبەردە، پێشەواعەلی دەڵێت**(عَلموا أنفسكم وأهليكم الخَير)**واتە:خۆتان وخانەوادەتان فێری خێروچاکەبکەن.**

---

١. (رواه البخاري (٤٨٠٢) ومسلم (١٤٦٦)

٢.سورة التحريم: ٦،

**چاکترین خێروچاکەش ئەوەیە منداڵ لەسەر رەوشتی بەرزو جوان پەروەردە بکرێ، فێری ئەحکامی شەرع بکرێن تارۆشنبیرو بە ئاگابن پێغەمبەری پێشەوا ﷺ دەفەرموێت:** (مَنْ يُرِدِاللّهُ به خيراً يُفَقِههُ في الدِّين)[1]

**واتە: کەسێك خوای گەورەخێروچاکەی بۆ بوێت ئەواشارەزا وزانای دەکاله یاساکانی ئاینی ئیسلام، یەکێك لەوکردەوەچاکانەی دەخرێتە نامەی کردەوە چاکەکانی باوك ودایکەوە دوای مردنیان بە بەردەوامی دوعای منداڵی صاڵح وچاکە وەك لەم فەرموودەیەداهاتووە:**

(إِذَامَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّامِنْ ثَلَاثَةٍ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍصَالِحٍ يَدْعُولَهُ)[2]

**واتە:کاتێ مرۆڤ مرد کردەوەکانی کۆتایی دێت، تەنهالە سێ ڕێگەوە نەبێ: خێرێکی بەردەوام یان زانست وزانیاریەکی بەسود یان منداڵی صاڵح وچاك دوعای خێری بۆبکات.**

**دایكوباوك بەرپرسیارن لەپەروەردەی مناڵەکەیان، تابتوانن کەسی چاكوپاك بەرهەم بێنن بۆ گەل‌و نیشتمانەکەیان بۆ دنیاو دوا ڕۆژیان دایكو باوکی نابەرپرس و خراپ مناڵی خراپو پیاوی خراپ بەرهەم دێنن،دەبنەمایەی ئاژاوە لەگەڕەكو لەقوتابخانەولەماڵی خۆیان،جاران ئەگەر کەسێ خراپەکار بوایە دەیانگوت ئەوە (حەرام زادەیە).**

---

١. روى البخاري (٧١) ، ومسلم (١٠٣٧)

٢. رواه مسلم

وتراوە: گەورەئاودەڕێژێ گچكەش پێی لێدەخشێنێ

نمونەی(نەجیبی كوری نەجیب)

بەهاران كاتێ تووپێدەگەن منالێ ئەیكەن بەبەزم، منالێك لەسەرتوی مالێك بوو خاوەن مالەكە وتی كوڕم لقەكانی مەشكێنە وەرەخوارەوە منالێ خەریكە چاومان دەردێنن، كوڕەكەش وتی: من توی خۆم ئەخۆم یاخوا چاوتان دەرئەهات! پیاوەكە وتی: ئەوەتۆكوڕی كێی؟ منالەكەوتی كوڕی كاك نەجیبم، پیاوەكە: كام نەجیب؟منالەكە: ها لە سەرتوەكەی ئەوبەرەوە! ناچارپیاوەكە وتی: دەبخۆبخۆ مادام كوڕی ئەو پیاوە نەجیبەی! ئێستاش بەدروشمی بریقەداروناوی بێ ناوەڕۆك مافەكانی منالێ دراون، بەلام وتراوە(بەحەلواحە لوا دەم شیرین نابێ)خۆكاك نەجیب ناوەكەی جوان بو بەلام بێ ناوەڕۆك بو پەروەردەنەكرابو.

هەر لەڕێگەی پەروەردەی ڕەسەنو پەسەن پەروەردەی ئیمانی كەلە پیاوی وا هەلكەوتووەكە بونە مایەی شانازی گەلی كورد تادنیا دنیایە وەك(ابن تیمیه وصلاح الدین وقازی محمد)،شاعیرانی وەك(نالی و مەحوی) لەناو خۆمان كاتێ دەوترێ (مەلا محمد و مەلا گەورە ومەلا عبدالله قامیشی)ئەوە شانازییە بۆ قامیشیەكان، كاتێ دەوترێ (مەلا محمدشارەزووری) ئەوە شانازییە بۆ شارەزوریەكان، كاتێ دەوترێ (مەلای گەورەی كۆیە)ئەوە شانازیە بۆكۆییەكان،وەهەروەها بۆ ئەوانی تریش، وەك (متنبی) وتویەتی:{لا بقَوْمي شَرُفْتُ بل بي شَرُفُوا ...}

واتە من بەقەوكەم گەورە نەبووم بەلكو ئەوان بەمن گەورە بوون

**ئەگەر یەکێ لەو زانایانە لەناوچەکەی تۆ بێت دەڵێی ئەو خزممە بەڵام ئەگەر خراپەکارێ بێ ئەگەر خزمیش بێ خۆی لێ بەدوور دەگری و دەڵێی خەڵکی شارەکەیە.**

**لێرەوە دەتوانین بڵێین کە گەورەترین شت لەئیسلامدا بۆ پێگەیاندنی کەڵەپیاوان‌و کەڵە ژنان وە بۆ دوور کەوتنەوەیان لە خراپەو تاوان پەروەردەو پێگەیاندنە کە لەخێزانەوە دەست پێدەکات بیرمان نەچێ کە دام‌و دەزگاکانی تری وەك خوێندنگاو دەوروبەر ناگەن بەخێزان چونکە ئەوان دوورن لەلایەنی ڕۆحی وسۆزوخۆشەویستی.**

**لەبەر گرنگی ڕۆڵی خێزان کە دوژمنانی دین‌و ژینمان زۆر هەوڵ دەدەن کە لەڕێگەی ڕاگەیاندن‌و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخراو حیزبەکانیان لەپیرۆزی خێزان بدەن بەناوی ئازادی پێشکەوتن ژیانی بەرەڵڵایی ڕەواج پێ دەدەن، یەکێ لەپیلانەکانیان ئەوەیەکە وتوویانە:**

**بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەر کۆمەڵگایەك لەسێ شت بدە:**

**(خێزان ، مامۆستا ، ڕەمزەکانیان).**

**ئەی خەڵکینە لەخوا بترسن بۆچی هەر لەخەمی دینارو دۆلاردان بەڵام بەخەم خێزان‌و نەوەکانتان نین لەخەمی دواڕۆژتان نین، بزانە تۆی دایك‌و باوك لەدنیاو دوارۆژ لەخێرو خراپەی کوڕو کچەکەت شەریکی بۆیە هەوڵبدەن خۆتان ومالّ‌و منالّتان لەخراپە بپارێزن.**

**گرنگی بدەن بەپەروەردەی خێزان بۆ دوورکەوتنەوە لەخراپەو تاوان سەرەڕای نەفس وشەیتان لەخراپەی ڕاگەیاندن وتۆڕەکۆمەڵایەتیەکان**

هەنگاوی دووەم:

## کاریگەری ئیمان له نەهێشتنی تاوان

دوای پەروەردەی خێزانی به تایبەت له تەمەنی باڵغ بون به دواوه چاکترین هۆکاربۆ بەرەنگاربونەوەی خراپەوتاوان بریتیه له کاریگەری ئیسلام و ئیمان، دیاره ئیمان هەر قسەوخۆزگه خواستن نیه بەڵکو بریتیەله:(الاعتقاد بالجنان، والاقرار باللسان، والعمل بالارکان) واته: (باوەڕ بڕیاری دڵەقسەوشایەتمانی زمانەوکرداری ئەندامانی لاشەیه) که ئەنجامدانی فەرمانی خوای پەروەردگاره، لەقورئاندائیمان وعەمەل پێکەوەهاتوەو(لازم وملزوم)ی یەکترن

کەواته ئیمان بەکردەوه تەواو دەبێ و دەسەلمێ، لاشەی بێ ئیمان هەیکەلێکی بێ گیانه بێ ویژدانه بێ هەڵوێست وکردەوەی جوانه هەرچی زیان بەخشەوخراپه لەئیسلامدا حەرامکراوه(ستەم، خیانەت) وه هەرچی شتی بەسودوچاکه حەلاڵکراوه(يُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ )بەوەش ئادەمیزاد دەبێته مرۆڤێکی چاك‌وپاك و پرۆفیشناڵ ئیمان چاودێره بەسەر خاوەنەکەی لەمامەڵەی ڕۆژانەی، چاودێری کارمەنده له فەرمانگەکەیدا، چاودێری جوتیاره له کێڵگەکەی دا و کرێکار لەکارگەکەیدا ودوکاندار له بازاڕەکەیدا وچاودێری مامۆستایه له قوتابخانه ... هتد.

بۆیه بێباوەڕان ئەوانەی دورن لەئیمان لەزلهێزەکان میلیشیاومافیاکان تاوانی مرۆیی وا ئەنجام دەدەن که هیچ دڕندەیەك نایکات .

**بەناوی مافی مرۆڤ ومرۆڤایەتیان شەرمەزارکردووە، لەفەرموودەی پێغەمبەرداﷺ هاتووە{..إذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْت }[1] واتە ئەگەرشەرم وحەیانەکەی هەموشتیٚ دەکەی، دیارە بەرهەمی ئیمان بەندایەتی و خواپەرستیە وبەرهەمی خواپەرستیش ڕەوشتی جوانە ئەوەش ئامانجی هاتنی پێغەمبەرمانە ﷺ، پلەوپایەی ڕەوشت بەجۆرێك بەرزوگرنگەپێغەمبەرمان(ﷺ)فەرموویەتی:**

**(انمابعثتُ لاتمم مكارم الاخلاق)[2]**

**واتە: بۆیەنێردراوم کەڕەوشتە جوانەکان تەواوبکەم، ڕەوشتی جوان ئامانجی پێغەمبەرمانە لەو پێناوەدا ڕەوانەکراوە، لەوانەیە بڵێی ئەی پەرستشەکان؟ ئەی نوێژو رۆژو؟**

**لەوەلأمدا ئەڵێین پەرستش وعیبادەت وەسیلەوهۆکارن بۆ ئامانجێکی بەرز کەچەسپاندنی ڕەوشتە جوانەکانە، عیبادەت ئەگەر کردەوەی لەگەڵدا نەبێت وەرزشێکی بیٚ گیانە وعادەتە نەك عیبادەت کەواتە حیکمەت وفەلسەفەی بەندایەتی بۆچەسپاندنی ڕەوشتەکانە بەندایەتی وەك نوێژو ڕۆژوئامانج نیە بەڵکو هۆکارن بۆ گەیشتن بە ئامانج کەبەرجەستەکردنی ڕەوشتە جوانەکانە لەدونیادا وڕەزامەندی خودایە لەدواڕۆژ، بۆنمونە نوێژ ئەگەر سەرنجی بدەین بەردەوام لە مزگەوتداکۆمان دەکاتەوەئەوەش یەککگرتن وبرایەتی وخۆشەویستیە**

---

١. ( رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ).، **٢**. مسند البزار عن أبي هريرة

**خوای گەورە فەرمویەتی:**﴿إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ﴾ **نوێژ ئەونوێژەیەخاوەنی لەخراپەکاری بپارێزێ، واتەببێتەخاوەن ڕەوشتی جوان، جگەلەوەی کەئارامی دەرونەو وەرزشی لاشەیە وپاك وخاوێنیە**

**زەکات: خوا لەبارەیەوە فەرمویەتی:**

﴿خُذْمِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا﴾**یەکێ لەمەبەست وحیکمەتی بەخشینی زەکات وصەدەقە پاکبونەوەیە لەڕەوشتەخراپەکانی ڕوژدی وچروکی حەسودی وزاڵبون بەسەر ڕەزیلی وبەخیلیدا،جگەلەوە فێری بەخشین وسەخاوەتمان دەکات کە ئەمانە سەرجەمیان لەڕەوشتە بەرزەکانن.**

**ڕۆژو: بەهەمان شێوە ئەبێ ڕۆژو فێری ڕەوشتی جوانمان بکات و سەرجەم ئەندامانی لاشەی بەڕۆژو بێت لەبەرامبەرخراپەدا تەنانەت گەر یەکێ قسەی پێ وت یان شەڕی لەگەڵ کرد بڵێ من بەڕۆژوم!**

**حەج: وە هەروەها سەبارەت بەحەج خوای گەورە فەرمویەتی:**

﴿فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ﴾ **واتە:نابێ خراپەکاری ودەمە دەمە بکرێ لەحەجدا لەوقەرەباڵغیەدا ڕاهێنانە لە سەر ڕەوشتی جوان، لەخزمەت پێغەمبەر(ﷺ)باسی ئافرەتێ کرا نوێژو ڕۆژوی بەردەوامە بەڵام بەزمانی ئازاری جیرانی دەدا وخراپە پێغەمبەر فەرموی: لەئاگردایە، دەبینی سەرەڕای نوێژو ڕۆژو چونکە کردەوەی چاك نەبوەچوەتە ئاگرەوەوفەرموی:(..هی في النار)**/ مسند امام احمد.

لای پێشەواعومەر پیاوێ وەسفی کەسێکی کرد،ئەویش فەرموی هاوڕێیت کردوە لەسەفەردا؟ وتی نەخێر،ئەی مامەڵەت لەگەڵداکردوە؟ وتی نەخێر ئەی هاوسێت بووە؟ وتی نەخێرفەرموی کەواتە نایناسی.

دیارە ڕەوشت بەرزی لەهەڵوێست وکرداروگوفتارومامەڵەی ڕۆژانە دا دەردەکەوێ وەك وتراوە:(الدین المعامله)،نەك زمان لوسی ودوو ڕویی ودروشمی بێ ناوەرۆك.

لە فەمەرمودەی پێشەواماندا هاتوە کە زۆرینەی ئەوانەی ئەچن بۆ بەهەشت بەهۆی تەقوای خواوڕەوشتی جوانە،وەزۆرینەی ئەوانەی کەئەخرێنە ناوئاگرەوەبەهۆی دەم وداوێنە وەك نمونەی ڕەوشت بەرزی: تەنها درۆمەکەبزانەچۆن دەبیتە کەسێکی دامەزراوخاوەن کەسایەتی ومتمانە پێکراوئارامی دەرون، کاتێ ڕەوشتەبەرزەکان بەرجەستە دەبن لەبەرانبەردا بەوئەندازەیە خراپەو تاوان کەم دەبێتەوە کەئەوەش لەبەرژەوەندی گشتی هەموانە

بەهەشت ئاسانە بۆ ئەوکەسەی ڕەوشتی جوانە دژی خراپەو تاوانە ئەوەش بەرهەمی ئیمانە کە بەختەوەری دنیاودوا ڕۆژمانە.

* * *

دیارەکە یاساو ڕێسای خوای مەزن..یاساو ڕێسای ترگشت دێنێ لەبن

قانونی بەشەرماوەیەك باشە .. لەکاردەکەوێ پوش وپەلاشە

قانونی خودا هەرگیز ناگۆڕێ .. بەلاّم هی بەشەر دەڕوا لەگۆڕێ

خۆزگەم بەوکەسەی دینی لەکۆڵە.. بەندەلەوەصفی پێنوسی کۆڵە

هەنگاوی سێیەم:

# یاساکانی سزادان ... بۆ نەهێشتنی تاوان

**هەرچەندە ئێستا یاساکانی شەرع پەراوێز خراوە، بەڵام گەورەیی ئەم دینە لەیاساکانیدا ببینە،ئەوەی چاك وپاکەحەڵاڵی کردووەو پاداشتی دەداتەوە وئەوەی خراپ وزیان بەخشە حەرامی کردوەوسزاوتۆڵەی بۆ داناوە بۆئەوەی عەدالەت بەرپابکات، بێگومان مرۆڤ ڕێزلێگیراوە لە لایەن خواوە وەك فەرمویەتی﴿ولقد کرمنابنی ادم﴾ڕێز لێ گیراوە بەوەی کە خوا بەدەستی خۆی دروستی کردووە بەجوانترین شێوە (..فی احسن التقویم)،لەرۆحی خۆی فوی پێدا کردوەوگیانی بە بەردا کردوەو بەنیعمەتی عەقڵ جیای کردۆتەوە لە دروستکراوەکانی تر، بەوەیش شایستەی ئەوە بوەکە فریشتەکان سوژدەی ڕێزی بۆببەن وبکرێتە جێنشین لەسەر زەوی،لە ئیسلامدا دادگەری واجبە(إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ..)** (النحل :٩٠)

**لەبەرانبەرداستەم حەرامە،لەفەرمودەی قودسیداخوای گەورە فەرمووی** (اِنی حَرَمتُ الظُلمَ علی نفسی وجَعَلتُهُ بَینَکُم مُحَرماً فَلا تَظالَموا)(رواه مسلم)

**واتە: ستەم کردنم لەسەرخۆم حەرام کردوەولە نێوان ئێوەشداحەرامم کردوە،کەوابو ستەم لەیەکتری مەکەن، وە لەقورئاندا فەرمویەتی: (لاتَظلمون ولاتُظلمون) واتە:نەزوڵم بکەن وەنەزوڵمیش قبوڵ بکەن.**

**ئەو ڕێزگرتنەش بەپاراستنی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەبێ بەتایبەت پاراستنی پێنج شتە گرنگەکان(دین، نەفس، عەقڵ، وەچەی مرۆڤ ، ماڵ و سامان).**

**لەپێناو پاراستنی ئەمانە کۆمەڵێك یاساو ڕێسای داناوە لەوانە یاسای سزادان بۆ تاوانباران، وەك سزای زیناکاروقەزف وبوختان، سزای دزیکردن وخواردنەوەی هۆشبەرەکان وە تۆڵە سەندنەوە و.... هتد.**

**لەیاسادەسکردەکاندا ڕێگەچارەی سەرەکیان سزادانە بەڵاّم لەئیسلاما چاکسازی وسزادانە، سەرەتا گرنگی دان بەگەشەپێدانی مرۆیی لە ڕێگەی پەروەردەی ئیمانی وخێزانی پاشان سزادان ئەوەش بۆ چاکسازی ودادپەروەریە نەك تۆڵە سەندنەوە چونکە دەست درێژی بۆ سەرماڵی خەڵك (حق الناس) دەبێ بەیاسا ڕێگری لێبکرێ، دیارە یاساکانی ئیسلامیش بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکانە، خەڵکانێك کە لەخوا ناترسن شەڕانگێزو ستەمکارن دەبێ بەپێی یاسای شەرع سزا بدرێن، وتراوە:(شەرعی ماری بەداری )(چی بچێنی ئەوە ئەدوریتەوەو خراپە خراپەی لەدوایە.**

**لابردنی خراپەش وەك ئەو ئەندامەی لاشەیە کە توشی شێرپەنجە و (سرطان)بووە،دکتۆر ئەیبڕێتەوەولای ئەبات ئەینا خاوەنەکەی لەناو ئەبات،بۆیە بەم شێوەی لای خوارەوە هەنگاوەکانی چارەسەری ئیمان بۆ دوورکەوتنەوە لەخراپەو تاوان دیاریکراوە:**

## یەکەم: چارەسەری ئیمان بۆ دوورکەوتنەوە لەتاوان

بێگومان سزادان ناخۆشە بۆ سزادراو بەلاَم خراپ هەڵدەبژێرین بەسەر خراپتردا بەناچاری لەبەر بەرژەوەندی گشتی وەك ئەو کەسەی قاچی دەبڕنەوەکەدوچاری شێرپەنجە بوەتابەشەکانی تری لاشەی سەلامەت بێت.

دیارە وەك پێشتر ئامارژەمان پێکرد مەبەست لەسزادان بۆ چاکسازیە ئەگەر ڕێگەیەکی تر هەبوو ئەوە ئیسلام ئەوەیانی هەڵبژاردووە لە پێشترە وەك تەوبەکردن وپەشیمان بونەوەوصلح کردنی لەگەڵ لایەنی بەرانبەرو گێڕانەوەی مافی خەڵك سەرەڕای مافەکانی خودا بەم شێوەیە:

١–تەوبەکردن لەتاوانەکەو پەشیمان بونەوە و گێڕانەوەی مافی ستەم لێکراو.

٢–عەفوکردن چاوپۆشی ولێبوردن لەکاتی دەسەلاَتدا نیشانەی تەقوا و لەخواترسانە، سیفاتی کەڵەپیاوانە، چاکەیە بەرانبەر خراپە، ئەگەر پێی وابوو ئەوانە چاك دەبن شەرمەزار دەبن، گرنگ چاکسازیە نەك تۆڵە.

٣–پاککردنەوەی ناخ و دەروون لەڕێگەی بەڕۆژوبوون:

ئیسلام داپناوەبۆ هەندێ لەتاوانباران کە بەڕۆژوو بن وەك وەرزشێکی دەروونی بۆ پاککردنەوەی دەرونەپیسەکەی.

بۆنمونە :بۆتاوانی کوشتنی بەهەڵە(قتل خطأ)،یان(ظیهار)،شکاندنی ڕۆژو لە ڕەمەزاندا بەبێ هۆ،وەشکاندنی سوێند،سەرەڕای سزاکە ئەبێ بەرۆژوبن، بۆ نمونە:

لەکوشتنی کەسێ بەهەڵە دوای صڵح و قەرەبوبەخوێن دەبێ بکوژەکە دوو مانگ بەرۆژوو بێ وەك نێوانی خۆی وخوا وەك ڕێز وگەورەیی بۆ گیانی مرۆڤ کە کوشتویەتی.

(زیهار) ئەو کەسەی بەخێزانەکەی دەڵێ تۆ وەك خوشكو دایکمی دەبێ بەندەیەك ڕزگاربکا یان ئەبێ دوومانگ لەسەریەك بەرۆژوبێ کە نەیتوانی ئەمجا نانی(٦٠)شەست هەژار بدات

بۆسوێند شکاندن کە نەیتوانی نان وپۆشاکی(١٠)دە هەژار بدا، دەبێ سێ ڕۆژ بەرۆژوبێت.

چەند گەورەو جوان‌وبەجێیە ئەو شەریعەتە بۆئەوەی لەڕێگەی ئەوەوە بەرەنگاری تاوان وخراپە ببینەوە، بەوەنەبێ خراپە بنەبڕ نابێ دوای نەمانی دەسەلاّتی ئیسلامی وهاتنەسەرکاری یاسای عەلمانی دەبینی و دەبیستی کەژیان بوەبەژان بەقەیران سەرەڕای پێشکەوتنی ماددی وکرانەوەی عەقڵەکان، دەرکەوت چارەسەر تەنها یاساکانی ئیسلامە چونکە خوای گەورە چاکتردەزانێ بەرژەوەندی مرۆڤەکان لە چی دایە

( أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ ) الملك/ ١٤

**دووەم: ڕێگەچارەی سزادان .. بۆ بەرەنگاربونەوەی خراپەو تاوان**

ئاینی ئیسلام بۆ نەهێشتنی تاوان سزای دیاریکردوە بۆ تاوانباران دوای هەوڵەکانی چاکسازی و خۆپاراستن.

سزای تاوانەکانیش دووبەشی سەرەکین:

یەکەم/ تاوانە گەورەکان ئەوانەن کە(حەدیان) بۆ دیاریکراوە لەقورئان وسوننەدا چونکە مەترسیدارن بۆتاك‌و کۆمەڵگا وەك تاوانی کوشتن و دزین‌و زیناو ڕێگری و هەڵگەڕانەوە لەدین‌و ماددە هۆشبەرەکان.

دووەم/ سزا بەئازاردان بۆئەو تاوانانەی کە سزاکەیان دیاری نەکراوە دادوەری شەرعی یان دەسەڵاتداری موسڵمانان یان لیژنەی تایبەتی زانایانی شەرع دیاری دەکات بڕیاری لەسەر دەدات، وەك تاوانی (جاسوسی ، خیانەتکردن لەئەمانەت ، بەرتیل ، ...هتد).

دەبێ یاساوەك مردن هەمومان بگرێتەوە،نەك تەنهاماسیە وردەکان بگرێت، ئەوەش بەوە دەبێت کەدەسەڵاتداران لەخۆیانەوە دەست پێ بکەن،پێغەمبەرﷺ لەکاتی جێبەجێکردنی ئەوحوکمە بەسەرئافرەتی بنەماڵەیەکی ناودارکەزۆرتکایان کردبو،سوێندی خوارد(گەر فاتیمەی کچم دزی بکات دەستی دەبڕم)، لەپێناوسەروەری یاسا و عەدالەت بەداخەوەئێستا یاسا بۆهەژاروبێ دەسەڵاتەکانە بۆیە وڵات وێرانە.

# جۆرەكانی سزادان

ئەو سزایانەی كە لەئیسلامدا دیاریكراون بۆچاكسازی تاوانباران و نەهێشتنی تاوان ئەمانەن (كوشتن، ڕەجم، شەللاق ، دەست بڕین)

فەلسەفەی سزادان لەئیسلامدا ڕەحمەتو چاكسازی و ئارامی تێدایە بۆ بەرانبەرەكانیان پاشان بۆ كۆمەڵگا، بۆ نمونە: كوشتنەوەی قاتل ڕەحمەتو دڵ ئارامیە بۆ كەسوكاری كوژراوەكە وئارامیە بۆ كۆمەڵگا دەستبڕینی دز دڵخۆشكردنی خاوەن ماڵە كە ماڵەكەی دزراوە براوە پاشان پاراستنی ماڵو موڵكی گشتی تێدایە

ڕەجم كردنی زیناكار پاراستنی خێزانە و پاشان پاراستنی حەیاو ناموسی كۆمەڵگایە.

بەكورتی تیشك دەخەینەسەرهەریەك لەوسزایانە:

١) كوشتن: لەقورئانوسوننەتدا كوشتن تەنهابۆسێ تاوان دیاریكراوە ئەوانیش بریتین لە( قاتل،مرتد،زینا)بەم شێوەیە:

أ-<u>كوشتنی بەئەنقەست</u>(قتل عمد) تۆڵەسەندنەوەی بۆ دانراوە دەبێ قاتل بكوژرێتەوە بەفەرمانی دادگا،ئەگەر میراتگروخاوەنی كوژراوەكە (صوڵح یان عەفو)یان نەكرد،چونكە بە لەناوبردنی (بكوژ، قاتل)ژیانی خەڵك ئاسودەوبەختەوەر دەبێت، ئەوەیەڕێزومافی مرۆڤ نەك دروشمی بێ ناوەرۆك، بۆیەكوشتن لەڕیزی تاوانە گەورەكانە(الكبائر)،ئامانج و مەبەستی شەریعەتیی ئیسلامیش بۆ پاراستنی پێنج شتە گرنگەكانی

ژیانی مرۆڤەکانە،کەزەوی بەم پێنجەئاوەدانە کە بریتین لەمانە:

(عەقڵ ودین ومالٚ ووەچەی مرۆڤ ولاشەی مرۆڤ )بە نەمانی هەر کام لە مانە ژیان ژانەسەرئێشانە.

بۆپاراستنی(عەقڵ)هەموسەرخۆشکەرێکی حەرام کردووەوسزای دار لێدانی بۆ داناوە،بۆ پاراستنی( دین)جیهادی داناوە. بۆپاراستنی(مالٚ وسامان) هەموو مامەڵەیەکی نادروستی وەك (غەش وخیانەت و درۆو دەست بەسەراگرتنی)حەرام کردووە،بۆ پاراستنی(وەچەی مرۆڤ)زیناو داوێن پیسی حەرام کردوە(حەددوڕەجمی) بۆداناوە، وەبۆ پاراستنی (گیانی مرۆڤ)کوشتنی ناهەقی حەرام کردوە(قصاص) تۆڵەی بۆداناوە ئەگەرقاتل کوژرایەوە ئەوکات خەڵك ئەژی دەحەسێتەوە، بەلاٚم ئێستا بەیاسا بڕیاری کوشتن لادراوە لەسەر بکوژ!بۆئەوەی ولاٚتانی ئەوروپا وڕۆژئاوا لێیان ڕازی بن وبڵێن ئەوانە دیموکراسین،کە بەوەش کوشتن زیادی کردووە،چونکە بکوژدڵنیایەکەناکوژرێتەوە.

<u>ب–هەڵگەڕانەوە لەدین:</u> دوای ئەوەی داوای تەوبەی لێکراونەگەڕایەوە بۆ ئیسلام و بەردەوام بوولە دژایەتی ئیسلام دەکوژرێت، پێغەمبەری خوا ﷺفەرموویەتی:(من بدل دینهُ قتلوه)واتە هەر کەس دینی خۆی گۆڕی بیکوژن، دەوترێ ئەم فەرمودەیە(تخصیص) کراوەبەفەرمودەی (التارك لدینهِ المفارق للجَماعة) و کوشتن بۆ(مرتدی محارب)ئەوەی شەڕت لەگەڵ دەکا، لەقورئاندا کوشتنی(مرتد)نەهاتوە بەڵکو

لەبارەیانەوە فەرمویەتی ئەوانە کافربونەو وکارەکانیان بەتاڵە لەدنیاو دواڕۆژ:﴿وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآَخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِهُمْ فِيهَا الِدُونَ﴾(البقرة: ٢١٧).

بەداخەوەکەخەڵکانێك بۆ ژن وپارە یان بۆ جنسیەوئیقامەی هەندەران یان بەناوی کوردایەتی دینی خۆیان گۆڕی بۆ شتێکی کەم شتێکی گەورەیان لەدەستدا !، بەڵام کێن ئەوانەی هەڵدەگەڕێنەوە؟

ئەوانەن کەهەربەناوبەتەسکەرە موسڵمان بون، پابەندنەبون بەدین لە دینەکەیان بێ ئاگابون، نەك زانایان ودانایان.

ج- زیناکردن لەلایەن ژن‌و پیاو کەپێشتر هاوسەرگیرییان کردووە دوای سەلماندنی تاوانەکە بە دانپییانان یان چوار شاهید ڕەجم دەکرێن ئەوەش لەفەرموودەی کرداری وگوفتاری پێغەمبەردا هاتوە و (جمهوری علماء) لەسەرئەوەی کە حوکمی ڕەجم بەردەوامەو پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا بەڕەجمکردنی(ماعیزو غامدیە) دوای ئەوەی خۆیان داوایانکرد،کەئافرەتە غامیدیەکە وتی ئەی ڕەسولی خوا زینام کردووە حەددم لێدەرکەن، دوای چەندجار لەم داوایە،دوای تەواوبونی ماوەی شیردانی بەمناڵەکەی ڕەجمکرا، پێغەمبەر ﷺ نوێژی لەسەر کرد پێشەوا عمر پرسی ئەوە نوێژی لەسەر دەکەی کە ئەوزینای کردووە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تەوبەیەکی وای کردووە ئەگەردابەشی بکەی بەسەر حەفتا کەسی مەدینە بەشیان دەکات، ئایا بینیوتە کەسێ بەم شێوە تەوبەی کردبێ خۆی داوا بکات بەوحوکمە لەبەر خوا.

بەلای هەندێکەوەحوکمی ڕەجم نەسخ بۆتەوەبەئایەتی لێدانی شەللاق (١٠٠)دار، بەلاّم ڕای زۆینەی زانایان بەهێزترە(والله اعلم).

دیارە ڕەجم کردن لەقورئاندا نەهاتوە،بەڵکولەفەرمودەهاتوەکەباسکرا.

ئێستاخەڵکانێ کەڕواڵەتی شتەکان دەبینن لەخەم بەرژەوەندی گشتی نین ڕەخنە لەم سزایە دەگرن!، ئایاکۆمەڵگا تیابچێ یان چەندکەسێکی لەشفرۆش کەوەك شێرپەنجەو ڤایرۆسن بۆ کۆمەڵگا، پاشان لەبەر پاراستنی حەیاو حورمەتی خەڵك‌و نهێنیەکانی خێزان شەریعەت ئەوەندە مەرجی بۆ داناوە کە زۆر بەزەحمەت دێتەدی کە چوار شاهید بیانبینێ هەربۆیە ئەم حوکمە چەند جارێکی کەم لەمێژوی ئیسلامدا ڕویداوە کە بە پەنجەی دەست دەژمێرێن.

٢) دەست بڕین: ئەگەر کەسێکی عاقڵ و باڵغ بەویستی خۆی دزی کردو پاشان بەبەڵگە سەلمێنرا بەو مەرجانەی لە کتێبە شەرعیەکاندا ڕوونکراوەتە بەفەرمانی دادگای شەرعی دەستی لەمەچەك دەبڕنەوە ئەوەش بەشێکە لە دینداری و جێبەجێکردنی فەرمانی خوایە کە فەرموویەتی (وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ )(المائدة/٣٨)

واتە:دەستی پیاووژنی دزبڕن لەتۆڵەی دزیکردندائەوە بڕیاری خوایە دەبێ ئەنجام بدرێ، سەرنج بدەن کە ئێستا ئەوحوکمە لەکاردا نیە

دزی وتالاّنی زۆربووه،جاران بەنهێنی دزی دەکرائێستا بەڕۆژی ڕوناك بەئاشکرا ولاّت تالاّن دەکریٚ نەك مالٚ.

دزەکە ماوەیەك دەگیریٚ و بەپارەیەك ئازاد دەکریٚ پاشان چەند قاتی ئەو پارە دزی تردەکاتو باندی مافیاومیلیشیا دروست دەکەن بۆدزیکردن ئایەتەکە پیاوی پێشخستووە چونکە لەمیان پیاو دەست پێشخەرە بەلاّم بۆ زینا ژنی پێشختووەچونکە ژن ڕێخۆشکەرە.

خۆ ئەگەر لەگەلٚ دزیەکەدا لێدانو تۆقاندنی تێدابوو ئەوە دزی گەورەیەو بەڕێگر(قُطاعُ الطَريق) ناسراوە بۆیە لەوحالّەتەدا سزایەکە توندتر دەبێت، شەریعەت دەستی ڕاستو قاچی چەپی دەبڕیٚ بە فەرمانی سەرکردەی ولاّت دوای لێکۆلّینەوەی دادگا خوای گەورە بۆ ئەوانە دەفەرموی:

﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآَخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ (المائدة/٣٣).

دەست هەردەستە  حوکمی جیاوازیان پێویستە

سیٚ جۆردەست هەن لەناوکۆمەلّگادا:

یەکەم: دەستی کرێکار وکاسبکار ڕێزلێگیراوە خۆشەویستە

دووەم: دەستی(خاوەن پێداویستی تایبەت)هاوکاری دەکریٚ

سێیەم: دەستی دز ئەبڕدریٚ

٣) داركاری ( شەللاق ):

ئەم سزایە لەقورئانی پیرۆزدا بۆ سێ تاوان دیاریکراوە ئەوانیش : (زینا، بوختان، خواردنەوەی هۆشبەرەکان) بەم شێوەیە:

أ- تاوانی زینا بۆ کوڕو کچ کە پێشتر هاوسەرگیریان نەکردبێ.

ئەگەر تاوانەکەیان سەلمێنرا بەچوار شاهید یان دانپیانان ئەوە هەر یەکەیان(١٠٠)داری لێ دەدرێ لەبەرچاوی خەڵك بەفەرمانی دادگای شەرع، خوای گەورە فەرمویەتی:﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآَخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ (النور/٢)

واتە: ئەو کچ و کوڕەی زینا ئەکەن هەریەکەیان سەد جەڵدەی لێدەن ئەمە تۆڵەی هەر کەسێکە (نێر بێ یان مێ)، نابێ بەزەیی و نەرمو نیانی بتانگرێ لەئەنجامدانی حوکمی خوادا بۆ ئەوانە وەکو خۆی حوکمەکەجێ بەجێ بکەن، ئەگەر باوەڕتان بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە جابۆئەوەی خەڵکیش پەند وەربگرن ئەوانیش زیاتر شەرمەزار بن با لەبەرچاوی کۆمەڵێ لەبڕواداران سزاکە جێبەجێ بکرێ.

ب-تاوانی بوختان (قذف) ئەگەر کەسێکی عاقڵ و باڵغ بەویستی خۆی کەسێکی پاکی تۆمەتبارکرد بەزینا وەنەیتوانی ئەوە بسەلمێنێ بەچوار شایەت یان بەدانپیانان لەو کاتەدا ئەو کەسەی بوختانەکەی هەڵبەستووە (٨٠)هەشتا داری لێدەدرێ و جارێکی تریش شایەتی و

قسەیان وەرناگیرێ ئەوەش فەرمانی خوایە کە فەرموویەتی :
﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ (النور/٤).

واتە: ئەو کەسانەی کە ژنانو پیاوانی داوێن پاك تۆمەتبار دەکەن بەزینا پاشان چوار شایەت ناهێنن بۆ چەسپاندنی داواکەیان دەبێ ئەوانە(٨٠)هەشتا شەللاقیان لێبدەن، تا جارێکی تر بەناڕەوا ناموسی خەڵك لەکەدار نەکەن وە تا هەتایە شایەتیان لێوەرناگیرێ بۆ شتی تر وە ئەوانە فاسقن لەسنور دەرچوون، مەگەر دوای ئەوە تەوبە بکەن...

ئای لەم سەردەمەدا چەند لەئافرەتان بەناڕەوا بونە قوربانی،چەند ماڵ وخێزان هەڵوەشاتەوە بەدرۆوبوختانی خەڵك بەنامەیەکی موبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ئای چەند سوکایەتی و تەشهیردەکرێ و کەس نیە دادگاییان بکات، بۆیە تاکە چارەسەربۆپاراستنی حەیاوحورمەتی مرۆڤەکان تەنهاچەسپاندنی شەریعەتی خوایە.

ج- تاوانی خواردنەوەی مادده هۆشبەرەکان.

ئەگەر کەسێکی عاقڵ و باڵغ بەویستی خۆی هەر جۆرێکی لەمادده هۆشبەرەکان خوارد یان خواردە وەبەبەڵگە سەلمێنرا یان بە(اقرار) ئەوە سزا دەدرێ بەلێدانی(٤٠)چل دار بەپێی سوننەتی پێغەمبەر و کۆدەنگی زانایان وە ئیمام دەتوانێ تا(٨٠) هەشتادار زیادی بکات وەك ئازار نەك وەك حەد ئەگەر پێویست بوو،خوای مەزن فەرمویەتی:

( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِوَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِاللَّهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ )،(المائدة/ ٩٠ ).

**واتە:ئەی باوەڕداران شەرابخۆری وقوماربازی وكێل پەرستی وگرەو لەسەر تیرتەقاندن،پیسن ولەكارەكانی شەیتانن خۆتانی لیٚ دور بگرن تاڕزگاربن،وەك وەلاٌمێك بۆئایەتەكە كەلەشێوەی هەڕەشەخوای گەورە فەرموی(فهل انتم منتهون)ئایائێوەهەردەستبەرداری نابن**

**پێشەوا عومەرفەرموی بەڵیٚ وازمان هێناودەست بەرداربوین، كەواتە عەقیدەوبیروباوەڕی ڕاست وسەرچاوەی هەموخێرو گۆڕانكاریەكە مەیخۆرلەكاتی خواردنەوەدا ئیمانەكەی نامێنیٚ !**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمویەتی:(... ولایشرب الخمر حین یشربهاوهو مؤمین) لەكاتی دزیكردندا دز ئیمانەكەی لا نامێنیٚ، لەكاتی زیناكردندا ئیمان نامێنیٚ ودەڕوات لەوكاتەی مەیخۆر ئارەقەكە دەخواتەوە ئیمانی نیە تەوبە كردنیشی لە پێشەوڕێگەی لێنەگیراوە).**

**دیارەهەركام لەوسیٚ تاوانەلەبڕواداری ڕاستەقینە ناوەشێتەوە چونكە ئیمان ڕێگرە،بەلاٌم لەكاتی ئەنجامدانی تاوانەكەئیمانەكەی لەبەردانامێنیٚ وەك چۆن جل وبەرگ لەبەرخاوەنەكەیدا دادەكەنرێت، هەربۆیە ئارەقخۆر ئەگەرتەوبەی نەكرد و مرد ئەوەناچێتە بەهەشت، هەندیٚ لەگۆڕهەڵكەنی سەردەمی ڕابردودوای تەوبەكردنیان گێڕاویانەتەوە كەئەوانەی مەیخۆر بون لەناوگۆڕدا ڕویان لەقیبلە وەرگەڕاوە،پەنابەخوالەمەیخۆری خەجاڵەتی وڕسوایی دنیاودواڕۆژە.**

٤)سزای دورخستنەوە(نفی)کردن:
لەدووکات دا تاوانبارنەفی دەکریَ:
یەکەم/ ڕێگر ئەگەر دەسگیرکرا پێش ئەوەی تاوانی کوشتن ودزی ئەنجام دابیَ.
دووەم/ کاتیَ کوڕو کچ زینادەکەن دوای(١٠٠)سەد دارەکە دور دەخرێنەوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆبڕیاری کاربەدەستی موسڵمانان.
٥)سزای بیَ بەشکردن لەمیرات:
ئەگەر میراتگر خاوەن میراتەکەی کوشت، ئەگەر کوڕێك باوکی خۆی کوشت ئەوە میراتی نادرێتیَ چونکە نابیَ بەهۆی تاوانەکەی سودمەند بێت، پاشان ئەوە دەرگا داخستنە بەڕوی ئەو تەماعکارانەی کە لەخوا ناترسن وئامادەن کەسی خۆیان بکوژن تاببنە خاوەنیماڵەکەی ئەوە بە فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ سەلمێنراوە کە فەرموویەتی:
{ لایرث القاتل }بکوژ میرات نابات.
٦) سزای خوێن وەرگرتن:
بریتیە لەوماڵ وسامانەی دەدریَ لەبری خوێن یان لەبری تاوانیَ
خوێندان دەبیَ لەلایەن بنەماڵەی بکوژەوە بدرێت بەبنەماڵەی کوژراو
دیارە ئەم جۆرە سزایە دووڕوی هەیە: لەلایەك سزادانەوهەم قەرەبوە بۆیە دەتوانین بڵێین لەیەك کاتدا هەم سزایەو هەم قەرەبو کردنەوەیە سەرەڕای دوومانگ بەڕۆژوبون بۆ بکوژ،وەك لە باسی سزای کەفارەت ڕونکراوەتەوە.

### ٧) سزای کەفارەت دان:

کەفارەت لەزمانەوانیدا لەچەمك وزاراوەی(الكّفر)ی عەرەبی وەرگیراوە بەواتای داپۆشین، چونکە کەفارەت تاوانەکە دادەپۆشیٚ ئەوەش ئاسانکاری وبەزەیی خوایە بۆ بەندەکانی، بێباوەڕ کە پێی دەوتریٚ (کافر)چونکەحەق وڕاستی داپۆشیوە،یان کاتیٚ بەنەخۆش دەوتریٚ کەفارەتی گوناهە واتە دایان بپۆشیٚ.

لەشەرعدا قەرەبوکردنەوەی تاوانە بەماڵ بەخشین یان عیبادەتێکی دیاریکراو، زۆرترین وقورسترین کەفارەتیش لەناویاندا بریتیە لەئازاد کردنی بەندە(کە ئێستانیە)یان بەڕۆژوبونی دوومانگ لەسەریەك ئاسانترین وکەمترین کەفارەت نان پێدانی شەش هەژارە لەبری ئازار دان وسیٚ ڕۆژبەڕۆژوبون بۆکەفارەتی سوێندبۆکەسیٚ نەتوانیٚ خواردن وپۆشاك دابین بکات.

بەڕۆژوبون: ئەگەرکەسێکی عاقڵ وبالٚغ ئەم تاوانەیان ئەنجام دا ئەوە دەبیٚ بەڕژوبن:

أ-کوشتنی بەهەڵە.

زانایان کۆدەنگن لەسەر پێویست( واجب) بونی کەفارەت لەکوشتنی بەهەڵەدا(دوومانگ لەسەریەك) بەڵگەش بۆ ئەوە فەرمودەی خوای گەورەیە: وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ

رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (النساء ٩٢)

وەکوشتنی (شبه العمد) یش بەلای زۆربەی زانایان پێویستە بەڕۆژوبێ

**پرسیار:** ئەگەر کەسوکاری کوژراو خۆش بوون لە بکوژی بەهەڵە یا هاوشێوەی هەڵە ئایا کەفارەتی لەسەردەکەوێت ئەوکاتە؟

بەڵێ کەفارەتی لەسەر پێویست دەبێ ولەسەری لاناچێ بەخۆش بونی کەس وکارەکەی لەوخوێنە چونکە کەفارەت مافی خوایە، بەڵاّم خوێن مافی مرۆڤەکانە،هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیە .

ب- کەفارەتی ظیهار.

پێناسەی( ظهار)ئەوەیە: پیاوبەژنەکەی بڵێ تۆبۆمن وەکوپشتی دایکم وایت یا بڵێ تۆ بۆ من وەك خوشکم وایت،یاوەك هەرکەس کە بە پشت لێی حەرام بێ یا لە شیرەوە یا لە خزمایەتی .

حوکمەکەی ئەمەیە :خوای گەورە لەبڕیارێکی جێگیروپتەو فەرمویەتی (منكراًمن القول وزوراً) واتە قسەیەکی نالەبارو بوختانە وهەڵبەسراوە دووسیفەتی تیاکۆ کردۆتەوە:

یەکەم :( ظهار)کارێکی ناپەسەندە وحەرامە.

دووەەم : لەبەر ئەوەی هەڵبەسراو ودرۆیە

کەفارەتی(ظهار): خوای گەورە لەباسی کەفارەتی(ظهار)دەفەرموێت:

وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٣) فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (المجادلة/٢_٣)

**دوای ئازادکردنی کۆیله کەئێستانەماوە، گرتنی ڕۆژوی دوومانگ لەسەر یەك بەبێ دابڕان ئەگەر دابڕانی تێکەوت بەبێ پاساوی شەرعی پێویستە سەرلەنوێ ڕۆژوەکانی دوبارە بکاتەوە لەبەرئەوەی مەرجەکە دەبێ دابڕانی تێنەکەوێت.**

**ج- کەفارەتی شکاندنی سوێند.**

**کەفارەتی سوێندی دامەزراو ئەگەرسوێندخۆر سوێندی کەوت ئەوە بە پێدانی نان وپێخۆر بە دە هەژار، یاپێدانی پۆشاك یان ئازادکردنی بەندەیەکی موسڵمان ئەگەرلە دەستی دانەبو نەیتوانی ئەوادەبێ سێ ڕۆژ لەسەریەك بەڕۆژو بێت.**

**ئەمەیە یاسای دینە..کە پەراوێز خراوەلەم ژینە..بۆیەژیان بێ پەرژینە خەم وخەفەت وگرینە، ئەوەی مەبەست بو لەوبابەتە بەپێی تواناکورت وپوخت عەرزم کردن،هیوادارم سودی لێوەربگرن(وَماعلى الرَسولِ الا البَلاغُ المُبين)، لەکۆتایدا بەقەولی سەعدی شیرازی{مراد ما نصیحت بود و گفتیم..حوالت باخدا کردیم و رفتیم}،منیش بەخواتان ئەسپێرم وەك نمەی باران سلاو ئەنێرم .. هەرچاوەڕوانی دوعای بەخێرم.**

# چاپکراوەکانی نوسەر

١) چەمکێك لەوتارەکانی ڕەمەزان/سالّی(٢٠٠٠)، پێنج جارچاپکراوە تا ٢٠١٨

٢) چەمکێك لەژیانی مەلایەتی / ٢٠٠٤ کەباس لەزانای ڕەسەن وناڕەسەنە.

٣) گەنجەکانمان بەرەوکوێ / ٢٠٠٥ سێ جارچاپکراوە

٤) ئافرەتانی ڕۆژئاوا بەرەوکوێ / ٢٠٠٥ سێ جارچاپکراوە

٥) کەسێتی ئافرەتی موسڵمان / ٢٠٠٦ دووجارچاپکراوە

٦) هۆیەکانی لێخۆشبوون /٢٠٠٦

٧) دژایەتی پێغەمبەرﷺلەبەرچی؟ /٢٠٠٧

٨) سەرەنجامی خراپی تاوان /٢٠٠٧

٩) هۆیەکانی بەختەوەری / ٢٠٠٨

١٠) مافەکانی پێغەمبەری خوا بەسەرموسڵمانانەوە/٢٠٠٨

١١) بەرەوگۆڕانی بەنرخ.نەك نەفامێتی هاوچەرخ / ٢٠٠٩

١٢) قســەی سـەردەم / ٢٠١١

١٣) وتاری ســەردەم / (بەرگی یەکەم) ٢٠١٢

١٤) ئەرك ومافـەکان / ٢٠١٤

١٥) بۆناپرسی لەگەورەیی ایةالکرسی/ ٢٠١٥ دووجارچاپکراوە

١٦) مێژووی مزگەوتی شەفیق بەگ/ ٢٠١٦

١٧) یاداشتەکانی مەلایەتی / ٢٠١٦

١٨) ســیفاتی عبادالرحمن / ٢٠١٧

١٩) وتاری ســەردەم / (بەرگی دووەم) ٢٠١٤، (بەرگی سێیەم) ٢٠١٨

٢٠) نەهێشتنی خراپەوتاوان/ ٢٠١٩

# قامیشی لەچەند دێڕێکدا

- چوارقورنەیی بەئەصڵ قامیشی، ساڵی(**١٩٦٦**)لەچوارقورنە هاتۆتەدنیا

- تا(١٩٨٩)دواناوەندی ئیسلامی سلێمانی،کۆلیژی شەریعەی بەغدای خوێندووە

- ساڵانی(**١٩٩٠– ١٩٩٨**) لەناحیەی چوارقورنە مزگەوتی(گولەك)مەلابووە.

- ساڵانی (**١٩٩٨تا ٢٠٠٢**)لەهەڵبجەی شەهیدوەك مامۆستای پەیمانگای عبدالعزیز بۆ زانستەشەرعیەکان هاوکات پێش نوێژی مزگەوتی(دارالصفاء)بووە.

- ساڵی(**٢٠٠٢**)گەڕاوەتەوەسلێمانی وبووە بەپێشنوێژی مزگەوتی(شەفیق بەگ).

- ساڵی(٢٠٠٤) بوەبەئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانی.

- ساڵی(٢٠٠٨ تا ٢٠١٠)مامۆستای وانەبێژبوەلەدواناوەندی ئاینی شافیعی سلێمانی

- ساڵی(٢٠١٠)جێگری بەڕێوبەری پەیمانگای زانستەئیسلامیەکان بووە لەسلێمانی

ساڵی(**٢٠١٠ تا٢٠١٧**)وێڕای امامەتی بوەبە وتاربێژی مزگەوتی گەورەی هەواری شار

ساڵی(**٢٠١٣** تا **٢٠١٩**)بووەبەئەندامی ئەنجومەنی زانستی وەزارەتی ئەوقاف/ هەولێر.

- ساڵی(**٢٠١٥**) بوەبە ئەندامی ئەنستیۆتی بانگخوازانی کوردستان لقی سلێمانی

- ساڵی(**٢٠١٧**) دوای(٧)ساڵ لە وتاربێژی مزگەوتی گەورەی هەواری شار کارەکەی گواستەوە بۆمزگەوتی سەرداری خاجی خالید ڕەباتی وەك شوێن گۆڕین وتازەگەری.

*ژیان دەرفەتەکاتیەوزوورادەبری.. بۆخوابژی دوای مردنیش هەرنامری.*